# بارزانی لەڕەخنە ناترسێت !

# ١-٣

سەربەست ئێزیدی ئەلمانیا – میونشن
18 – 9 - 2004

بەڕێز مەسعود بارزانی ، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ١٦.٨.٢٠٠٤ دا بەبۆنەی یادی (٥٨)ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی ، لەپەخشێکی ڕاستەوخۆی کوردستان تی ڤی دا وتارێکی پێشکەشکرد. دەقی وتارەکەی بارزانی لەڕۆژنامەی خەبات، سێشەممە ١٧.٨.٢٠٠٤ ژمارە ١٥٣٢ لەلاپەڕە ٣ دا لەژێر سەردێری" سەرۆک بارزانی : پارتی هەرگیز پیر نابێ ، چونکە ڕیشەی لەناو خاک و دڵی گەلی کوردستاندایە" بڵاوکرایەوە . لەم وتەیەدا ، بارزانی هێرشی زۆری کردەسەر هەندێک کەس کە پێدەچێت ڕەخنەی توندیان لە پارتی گرتنێت . بارزانی ئەو کەسانەی بە ژەهر ڕێژ ، بوختان هەڵبەست ، ڕەش و سپی تێکەڵکار و خزمەتکار بەدوژمنانی کوردو کوردستان ناوبرد . هەروەها بارزانی ڕایگەیاند کە ئەوان هیچ کاتێک نە لە ڕەخنە ترساون و نە ڕایانکردوە ، هیچ کاتێکیش لە هەقیقەت نەترساون و ڕایان نەکردوەو ڕاشناکەن . داواشی لەهەمووان کرد کە ڕەخنەی هونەرساز بگرن و گفتی پشتیوانیکردنیشی دانێ .

جا بەندە ، لەم ڕوانگەوە ڕەخنەی خۆم ئاراستەی بارزانی دەکەم و هیواداریشم بەدڵێکی فراوانەوە پەسندی بکات !
یەکێ لەخاسیەتەکانی سەرکردە کوردەکان ئەوەیە، کاتێ کە قسەدەکەن، قسەکانیان دژی لێدوانە کۆنەکانیانە ! جا دوو شت بەدی دەکەم ، یان ئەوەیە، هیچ حیسابێک بۆ جەماوەری کورد ناکەن و بەئارەزووی خۆیان قسەدەکەن و لێدوان دەدەن، چونکە دڵنیان کەسێک نیە ڕووی دەمیان تێبکات و ڕەخنەیان لێبگرێت ! یان ئاگایان لە لێدوانەکانی خۆیان نیەو نازانن لەڕابردوودا چییان گووتوە ! ئەگەر وا نەبێت دەبێت ، چ هۆیەک هەبێت وایان لێبکات، بەم شێوەیە قسەکانی ئەمڕۆیان پێچەوانەی قسەکانی پێشوویان بێت ؟

بەڕێز بارزانی ، کاتژمێری ١١ ی پێشنیوەڕۆی هەینی ١٧.٩.٢٠٠٤ ، لەهۆڵی هۆتێل خانزاد لە هەولێر ، بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی جڤانا ڕۆشنبیری کوردی – عەرەبی، لە دەستپێکی کۆنگرەکەدا وتەیەکی پێشکەشکرد، کە دەقەکەی لە لاپەڕە ٢ ی خەباتی شەممە ڕێکەوتی ١٨.٩.٢٠٠٤ دا، بڵاوکراوەتەوەو دەڵێت: ئێمە عێراقین، پێش دەرچوونی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: من هەستم بەهیچ ئینتیمایەک نەدەکرد بۆ ئەم وڵاتە. چونکە هەرچییەکی لەو وڵاتەم بینی هەمووی تێکدان و کوشتن و تیرۆر و تەهجیر بوو.

جا پرسیارو ڕەخنەی بەندە لە بارزانی ئەوەیە ، ئەگەر ڕاستەو پێشتر باوەڕتان بەهیچ جۆرە ئینتیمایەکی عێراقی نەبووە ؟ بۆ لەپێناوی گوایە هەبوونی پیلانێکی دەرەکی کەئامانجی سەروەری عێراق و بوونی ئێوە بووە ، داوای یارمەتی سەربازیتان لە سەددام کرد ؟ لەپێناو چیدا نامەتان بۆ سەددام ناردو سوپای ئەنفالتان بەردایە گەلی کوردی ئەنفالکراو ؟ مادام، باوەڕتان بەعێراقی تێکدان و کوشتن نەبوو، بۆ لەژێر ناوی پارێزگاریکردن لەسەروەری نیشتیمانی عێراقدا ، ٣١ ی ئابتان تۆمارکرد و هەندەیتر کوشتارو تێکدانتان کرد ؟ کە ئەوەندە دژی تیرۆرو تەهجیر بوون ، بۆ بەهێنانەوەی سوپای تیرۆرو تەهجیر ، هەزارەها کەستان لە یەکێتی و پارتە کوردستانیەکانی ترو ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کەدژ بەو عێراقەی کە تۆ هیچ ئینتیمایەکت بۆی نەبوو ، خەباتیان دەکرد، تیرۆر و ئاوارەی هەندەران و سلێمانی کرد ؟

ئێستاش باهەموومان بەیەکەوە، چاوێک بەو وەڵامانەی بارزانیدا بخشێنین کە لە ڕۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت) دا، لاپەڕە ١٦ ی ژمارە ٦٥١٢ پێنجشەممە ٢٦.٩.١٩٩٦ دا، لەلایەن هودا ئەلحوسێنی گفتوگۆی لەگەڵدا کردوەو بڵاوکراوەتەوە دەقی گفتووگۆکەی هودا ئەلحوسێنی لەگەڵ بارزانیدا بەناوی "لەگفتووگۆیەکی گەرمدا لەگەڵ ئەلشەرق ئەلئەوسەت، لەنێویاندا هۆیە ڕاستەقینەکانی هانابردنە بەر سەددام. مەسعود بارزانی : "دواڕۆژ بڕیاری پێشکەوتنی پەیوەندیمان لەگەڵ بەغدا دەدات"، بڵاوکراوەتەوە. بارزانی لە گفتووگۆکەدا باسی ئەو هۆیانەی کردوە کە پاڵی پێوەناوە لەپێناوی پاراستنی سەروەری و یەکێتی خاکی عێراقدا داوای پشتیوانی سەربازی لە سەددام بکات !

ئەمەش چەند نموونەیەکە لەوەڵامەکانی بارزانی :
١. داوای یارمەتیم لە بەغدا کرد، بەهۆی هەبوونی پیلانێکی دەرەکی کە سەروەری عێراق و ئێمەی کردبووە ئامانجی خۆی .
٢. کاتێک هەستمان بە پیلانێکی دەرەکی کرد، نامەیەکم بۆ سەددام حوسێن نارد ، ئەویش پۆزەتیڤانە وەڵامی نامەکەی دامەوە .
٣. ئێمە ناڵێین هاوکاریکردن لەگەڵ سەددام حوسێندا شتێکی کاتی یان هەمیشەیی یان پەیمانێکە، بەڵکو خاڵێکی گرنگ کۆیکردوینەتەوە ، ئەویش پارێزگاریکردنە لە سەروەری نیشتیمانی عێراق.
٤. دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە ، کە ئێمە تا ئێستاش بەشێکین لە عێراق و پەیوەندیەکی کۆمەلایەتی و خانەوادەیی کۆماندەکاتەوە .
٥. سەددام لەبەرامبەر هاوکاریکردنی بۆ ئێمە هیچ پاداشتێکی لێمان ناوێت ، چونکە پارێزگاریکردن لە سەروەری نیشتیمانی عێراق پێویستی بەهیچ پاداشتێک نیە ، بەڵکو ئەرکی حکومەتی ناوەندی و هەموو هاوولاتیەکی عێراقییە.
سەرکردەیەکی وەکو بارزانی کە تا ئەو ڕادەیە دڵسۆز بووبێت بۆ سەروەری و پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق ، کەچی ئەمڕۆکە وا خۆی نیشانبدات کە بەهیچ شێوەیەک هەستی بەهیچ ئینتیمایەکی عێراقی نەکردووە ، کێ متمانەی پێی دەمێنێت؟ ئەی باشە ، مادام بۆ کارەساتی ٣١ ی ئابی ئەنجامدا لەپێناو پاراستنی سەروەری و یەکێتی عێراقێک ، کە خۆی هەستی بەهیچ ئینتیمایەکی ئەو عێراقە نەدەکرد ؟
ئەو کارەی، بارزانی لە ٣١ ی ئابی ١٩٩٦ دا کردی لەپێناو ئەو عێراقەی گوایە خۆی باوەڕی پێی نەبووە ، وەکو پاساو هێنانەوەی جاشێکە کە بەشداری ئەنفال ، گوند کاولکردن ، کورد کوشتن و هەموو کارێکی دژ بە نەتەوەکەی خۆی کردبێت و ئێستا بێت و پێمان بڵێت ، گوایە باوەڕی بە سەددام و جاشێتی نەبووەو هەرگیز دژی کوردیش نەبووە !